ڕێبەر ئەحمەد: فیدراڵییەت هەڕەشە نییە بۆ سەر یەکێتیی عێراق

وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە، فیدراڵییەت هەڕەشە نییە بۆ سەر یەکێتیی عێراق، بەڵکو تاکە سیستەمە کە دەتوانێت پێیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا پتەو بکات و سەقامگیریی درێژخایەن مسۆگەر بکات.

پێنجشەممە، 12ـی شوباتی 2026، ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە میانەی پێشکەشکردنی گوتارێکدا، لە پێیمانگای هەدسن لە واشنتن خوێندنەوەیەکی وردی بۆ دۆخی هەستیاری قۆناغەکە ناوەڕاست، پێیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ گەشەپێدان خستە ڕوو.

ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە ناوچەکە لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازدایە؛ لە لایەک دەرفەتی ئابووریی هاوبەش لە ئارادایە و لە لایەکی دیکەشەوە گرژییەکان دۆخێکی نادڵنیاییان دروست کردووە.

وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بۆ دا، کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، ئەگەر بەبێ بەرنامەی

وردبێت، بەشایەتی دروست دەکات کە لایەنانی دیکە پێی دەکەنەوە و ئەمش ئاڵنگاریەکان قووڵتر دەکاتەوە.

ڕابەر ئەحمەد ڕایگەیاند: "سەرهەڵدانەوەی داعش هێشتا مەترسیەکی جددی و گەورەیە. هەرەمی کوردستان وەک هاوپەیمانەکی متمانەپێکراو قوربانیی گەورەی داوە، بە جۆرێک نزیکەی 2 هەزار پێشمەرگەمان لە تێکشکاندنی داعش شەهید بوون و 12 هەزاری دیکەش بریندار بوون، قارەمانێتی بو جۆرگی پێشمەرگە بوو ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئازادکردنی مووسڵ." هەروەها نیگەرانیی خۆی نیشان دا سەبارەت بە دۆخی ئەمنیی سووریا و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە.

لە بەشێکی دیکەی گوتەکانیدا، ڕابەر ئەحمەد باسی لە پرسی کورد کرد و گوتی: "نەتەوەی کورد کە ژمارەی 40 ملیۆن کەسە، هێشتا دەوڵەتی نییە و مافەکانی بەدەست نەهێناوە، سەرۆکایەتی ئەوەی هەمیشە پاڵەوانی چەسپاندنی بەها دیموکراسیەکان بووە".

وەزیری ناوخۆ پەیامێکی ئاراستەی واشنتن کرد و گوتی: "گەرەنتیی پاراستنی کورد تەنیا لە ڕێگەی ئەمنیەتەوە نییە، بەڵکو دەبێت ناسنامە و مافە دەستوورییەکانی گەلەکەمان بپارێزرێن، چونکە پاراستنی کورد بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست."

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ڕابەر ئەحمەد دیدگای هەرەمی کوردستانی دووپات کردەوە کە عێراقێکی بەهێز لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور دەوێستێت.

ناوبراو ڕوونی کردەوە: "فیدراڵیەت هەڵەش نییە بە سەر یەکێتیی عێراق، بەڵکو تاکە سیستەمە کە دەتوانێت پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا پتەو بکات و سەقامگیریی درێژخایەن مسۆگەر بکات."

هەروەها هۆشداریی دا لە عەقڵیەتی مەرکەزیەت و گوتی: "دیدگای مەرکەزیەت هەمیشە هۆی ناسەقامگیری و کارەسات بووە؛ هەر بەهۆی عەقڵیەتی مەرکەزیەتەوە بوو کە چەکی کیمیایییمان لێدڕ بەکارهێنرا و ئێنفال کراین."

وەزیری ناوخۆ تیشکی خستە سەر بڕیارەکانی هەرەمی کوردستان لێژنەی سەرکردایەتیی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرەمی کوردستان.

ڕێبەر ئەحمەد رایگەیاند: "چیرۆکی هەرەمی کوردستان تەنیا چیرۆکی هووبووونەوەی ئاینگاریەکان نییە، بەڵکو چیرۆکی خۆاگری و گەشەسەندنە. ئەمە توانیومانە ببینە خاوەنی کارەبای 24 کاتژمێری، قەیرانی ئاومان چارەسەر کردووە و خزمەتگوزاریەکانمان بە دیجیتاڵی کردووە."

وەزیری ناوخۆ جەختی کردەوە کە بەهێزیی هەرەمی کوردستان لە بڕژووەندیی عێراق و ناوچەکە و هەموواندایە و گوتی: "ئێم دەستکەوتانە ڕەنگدانەوەی پابەندیی ئەمنیە بە ئەوەی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا پشت بە خۆمان ببەستین و ببینە ناوەندێکی بازرگانی و ئابووریی گرنگ."